نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق
نوسینگەی ڕاگەیاندن

# هەواڵنامەی یونامی

دەنگی نێردە

هەواڵنامە | ژمارە بیست | ئاداری 2008

## ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا – دوازدەهەمین ڕاپۆرتی وەرزیی یونامی



*کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی بڵاوکردنەوەی دوازدەهەمین ڕاپۆرتی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ*

لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٨ دا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (یونامی) دوازدەهەمین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا دەرکرد کە ماوەی ١ی تەمموز تا ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ دەگرێتەوە. ڕاپۆرتەکە تێبینیی کردووە کە:

سیمای دوا سێ مانگی ٢٠٠٧ کەمبوونەوەی هێرشە توندوتیژەکان و قوربانیی زۆرە، بە هێرشی خۆکوژی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلیشەوە.

تێبینیی ئەو گرفتە زۆرانەی کردووە کە حکومەتی عێراق بەدرێژایی ماوەی ڕاپۆرتەکە بەردەوام تووشیان بووە لە هەوڵەکانیدا بۆ کۆنترۆلکردنی توندوتیژیی ئایینی و تاوانەکانی تر بەهۆی ناجێگیریی سیاسیی و هەوڵە چەقبەستووەکان بۆ سەرلەنوێ بووژاندنەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیی.

یونامی هوشیاری ئەوەش دەدات کە "لەگەڵ ئەوەی ئاسایش لە هەندێ شوێنی بەغداد و شوێنی تر بەرەو باشی چووە، بەلام لەشوێنەکانی تر بەهۆی چڕبوونی چالاکیی تیرۆریستان و هی تروە لە پارێزگاکانی موسڵ و دیالە بەرەو خراپی چووە." گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان بەردەوامن لە بەئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی یان هێرشکردنە سەر شوێنە نیشتەنییە زۆر قەرەباڵغەکان بە ئەنقەست و شێوەیەکی پلان بۆدانراو، بەمەش دەبنە هۆی مەینەتیی زۆر ناخۆش.

ڕاپۆرتەکە دەست خۆشی لەو ڕێوشوێنانە دەکات کە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی قەزایی گرتوویانەتە بەر لە پێناو باشکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراوان، بەو هەوڵانەشەوە کە لە پێناو چاودێریی یاسایی گاریگەری زیاتر و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی دراون.

ڕاپۆرتەکە تێبینی ئەوش دەکات کە هێشتا هەولی زیاتر و درێژخایەن پێویستن بۆ لێکۆڵینەوە لە بەردەوامیی دواکەوتنی پێداچوونەوە بە فایلی دەستبەسەرکراوان.

ڕاپۆرتە وەرزییەکەی یونامی دەرک بەو ڕێووشوێنە ئیجابییانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە پێناو مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتگەلێکی زۆر لە سەر مافەکانی مرۆڤ.

هۆشداری دەدات کە دەستبەسەرکردنی گومانلێکراوان بۆ ماوەی نادیار بە بێ تۆمەتبارکردن هێشتا گرفتێکی گەورەیە.

ڕاپۆرتەکە جەخت دەکاتەوە کە مەینەتیی ژنان لە سەرتاپای عێراقدا پێویستی بە ڕێوشوێنی بە پەلە هەیە بۆ بەگژداچوونەوەی توندو تیژیی جێندەری، بەوەی کە پێی دەووترێت کوشتنی ناموسپارێزیشەوە و، یارمەتیدانی ئەو ژنانەش کە لە زۆر بەشی وڵات لەگەڵ منداڵەکانیان تووشی لێقەومان بوون لە ئەنجامی هێرشی توندوتیژیی گرووپە چەکدارەکان و توندوتیژیی ئایینی.

ئەو ڕاپۆرتە دانی پێدا دەنێت کە دەسەڵاتی هێزە فرەرەگەزەکان چەند ڕێوشوێنێکی لە پێناو چاککردنی فایلی گیراوەکان گرووتەتە بەر وەک پەلەکردن لە پێداچوونەوەکان و بڕیاری ئازادکردن. بەهەر حاڵ، پەرۆشیی لەمێژینەی یونامی سەبارەت بە هەبوونی پرۆسەیەکی شیاوی مافی گیراوەکان لەو چوارچێوە یاساییەی لەلایەن هێزە فرەرەگەزەکانەوە دانراوبوو هەر بێ وەڵام ماوەتەوە، و ژمارەیەکی زۆری دەستبەسەرکراوی هەرزەکاریش لە بەندیخانەکانی هێزە فرەرەگەزەکان ماون.

ڕاپۆرتەکە هێشتا بە پەرۆشی دەدەبڕێت بۆ مردنی خەڵکی مەدەنی لەئەنجامی کردەوەکانی قونتەراتچییانی تایبەتی ئاسایش و کردە سەربازییەکانی هێزە فرەرەگەزەکانەوە.

یونامی دەستخۆشی لە بڕیارەکەی حکومەتی عێراق دەکات بۆ مۆرکردنی "جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دژی ئەشکەنجە".

## پێرست

ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا – دوازدەهەمین ڕاپۆرتی وەرزیی یونامی ...1

ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان لە بەغداد ...............................................2

کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتوەکان دەربارەی دژە گەندەڵی و پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق .......................................... 2

بانگەوازی فریاگوزاریی بەپەلە بەئومێدی ٢٦٥ ملیۆن دۆلار بۆ عێراق ........... 3

دواڕۆژی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا و دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان.............3

زانیاری تازە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی بەرپرسانی نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ١٤ی شوباتی ٢٠٠٨ دوە ................ 4

هەوڵێر میوانداریی مێزگردێك لە سەر یاسای ڕێکخراوە عێراقیە ناحکومییەکان دەکات .......................................... 4

کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران بەڕێز ئەنتۆنیۆ گوتێریس سەردانی عێراق و ئەردەن و سوریا دەکات ............4

سەردانی پەرلەمانتارانی عێراق بۆ ئێرلەندای باکوور ............................................. 5

کۆنفرانسی دژەتیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ .6

## ئاهەنگی رۆژی جیهانیی ئافرەتان لە بەغداد



ئاهەنگی رۆژی جیهانیی ئافرەتان

بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ئافرەتان، نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) پشتگیریی فیستسڤاڵێكی رۆشنبیریی ئاست بەرزی كرد بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ئەلمەدای عیراقی بۆ رۆشنبیری .نزیكەی هەزار كەسێك لە نوێنەرانی رێكخراوەكانی ئافرەتان و هونەرمەندان و ناوەندە ئەكادیمییەكان و حكومەت و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و دەزگاكانی راگەیاندنیش ئامادەی ئەم چاڵاكییە یەك رۆژییە بوون كە لە باخچەكانی ئەلعەلوییەی بەغداد بەڕێوە چوو.

بۆ دووپاتكردنەوەی ئەو دەورە گرنگەی ئافرەتانی عیراق لە كۆمەڵگادا دەیبینن و ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییە ناوازانەی دەیان ساڵە بەرەو رووی دەبنەوە، ئاهەنگی رۆژی جیهانیی ئافرەتان بۆنەیەك بوو بۆ رێزنان لە قوربانییە لەبیركراوەكانی ئەو توندوتیژییەی لە وڵاتدا بەردەوامە .ئاهەنگەكە ئەو بنەمایەی دووپاتكردەوە كە خۆشگوزەرانیی ئافرەتانی عیراق مەرجێكی بنەڕەتییە بۆ بوژانەوەی عیراق چونكە ئافرەتان پنتی قورسایی هەر خێزانێكی عیراقین و دەورێكی نائاساییش دەگێڕن لە بونیاتنانی دوارۆژێكی باشتر بۆ وڵات.

لە چاڵاكییە زۆرەكانی یادەكە، پێشبڕكێیەكی وێنەكێشان بوو لەنێوان ٣٠ هونەرمەندی شێوەكاری عیراقی بۆ خستەڕووی رەوشی ئێستای ئافرەتانی عیراق، لەگەڵ پێشانگایەكی وێنە و پێشانگایەكی تری كتێب لەبارەی ئافرەتانی عیراق و، شایەتییەكانی ئافرەتانی عیراقی لەسەر ئەو ئەو ناخۆشییانەی بەرەو روویان دەبنەوە و، مئسیقای فۆلكلۆری و سەماو پێشانگای وەرزشی و پارچە شانۆییەك.

بەرنامەی یادەكە مێزگردێكیشی تێدا بوو لەسەر رەشنوسی یاسای باری كەسێتیی عیراقی و پاشان زنجیرەیەك راسپاردە بۆ رەشنوسەكە پەسند كران.

هەزار دانە تیشێرت و هەزار دانەش فۆلدەر لەسەر تەوەری" پێشكەوتنی ئافرەتان لە پێشكەوتن هەمووواندا" چاپكرابوون و بەسەر ئامادەبوواندا دابەشكران لەگەڵ هەزار دانە لە "لێكۆڵینەوەی قووڵی هەموو شێوەكانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان"ی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان/A/61/122) (Add.1و، هەزار دانەش لە راگەیاندنی رۆژنامەوانیی سكرتێری گشتیی بۆدەستپێكردنی هەڵمەتی كۆتایی هێنان بە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان

فیلمێكی بەڵگەنامەیی و نامیلكەیەكی چوار رەنگییش لەسەر پوختەی یادەكە پێشكێشی بەشداران دەكرێن بۆ بیرەوەریی ئەوەی كە ٨ی ئادار رووداوێكی یەك رۆژی نییە لە ساڵێكدا .

## كۆنفرانسی نەتەوە یەكگرتوەكان دەربارەی دژە گەندەڵی و پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق



بەشدارانی دەستەی بەڕێوەبەری كۆنفرانسی دژەگەندەڵی

بەرنامەی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان (UNDP) كۆنفرانسێكی لە ١٧ی ئاداری ٢٠٠٨دا لە بەغداد بەست لە ژێرناوی "پەیمانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق: دەسپێشخەرییەك لەسەر فەرمانڕەوایی دروست و دژە گەندەیی- كۆنفرانسێك لەسەر پەیماننامەی دژی گەندەڵیی نەتەوە یەكگرتووەكان". كۆنفرانسەكە بەشێكە لەو چالاكییانەی ئەنجام دەدرێن لە پێناو پشتیوانیكردنی فەرمانڕەوایی دروست. تێچوونی كۆنفرانسەكە لەلایەن كۆمسیۆنی ئەورووپییەوە لە ڕێی (UNDP)یەوە دابینكرابوو.

ئەم كۆنفرانسە یەكەم كاری گشتگری دژە گەندەڵی بوو كە لە بەغداد بەڕێوە بچێت. لەو كۆنفرانسەی كە بەسەرپەرشتیی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتوەكان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستورا بەڕێوەچوو، جێگری سەرەك وەزیرانی عیراقیش د. بەرهەم ساڵح ووتارێكی پێشكێش كرد و كورتەی ئەو ڕێوشوێنانەشی خستە ڕوو كە حكومەتی عیراق گرتویەتیە بەر لە پێناو قەڵاچۆكردنی گەندەڵی.

جێگری سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتوەكانو بەڕێوەبەری نوسینگەی تاوان و دەرمانە هۆشبەرەكان بەڕێز ئەنتۆنیۆ ماری كۆستا ووتاری سەرەكیی كۆنفرانسەكەی خوێندەوە.

جێگری سەرەك وەزیرانی عیراقیش د. بەرهەم ساڵح و ئەو چوار دەزگا عیراقییەی لە پێناو قەڵاچۆكردنی گەندەڵیی كار دەكەن (ئەنجومەنی هاوبەشی دژە گەندەڵیی و دەستەی باڵای ووردبینیی و كۆمیتەی نەزاهەی گشتیی و پشكنەری گشتی) ووتاری دەسپێكیان پێشكێش كرد كە پەیوەست بوون بە بابەتی كۆنفرانسەكە و هەوڵەكانی حكومەتی عیراق لە پێناو قەڵاچۆكردنی گەندەڵی. جێگری سەرۆكی بانكی نێودەوڵەتیی میوان د. دانیلا گریسانی و بەڕێوەبەری ڕاپەڕێنەری نوسینگەی خزمەتگوزاریی پڕۆژەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكانیش بەڕێز ئیان ماتسۆن وتاری پێشكێش كرد. بەشدارانی تر بریتی بوون لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و نوێنەرانی باڵای كۆمەكبەخشان لە بەغداد.

لەو كۆنفرانسە دوو ڕۆژییە نمایش و موناقەشە لەسەر بابەتەكانی وەك :گەشەپێدانی خۆپاراستن و دەزگایی و تواناسازیی و بەتاوانكردن و چەسپاندنی یاسا و هەروەها دەوری بەشدارە ناحكومییەكانی وەك:ڕاگەیاندن و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و دەستبودرێژكردنی گشتیی لە خۆگرتبوو.

سیستمی نەتەوە یەكگرتوەكان سوپاسی عیراق دەكات بۆ پابەندبوونی بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی كە سەرۆك وەزیرانی عیراقی نوری مالیكی و سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتوەكان بانكی مۆن بەیەكەوە سەرۆكایەتیی دەكەن وەك هەنگاوێك بەرەو دەستپاكی لە فەرمانڕەوایی شانبەشانی پڕۆسەی دیموكراتی و گەشەكرنی كەرتە جیاوازەكان. مەبەستی سەرەكیی كۆنفرانسەكە بریتی یە لە پاڵپشتیی كردنی سیستەمی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ بەهێزكردنی ئەو دەزگا عیراقییانەی دەورێكی بەرچاویان هەیە لە دەستەبەركردنی واڵایی و لێهاتوویی لە جێبەجێكردنی پەیماننامەكە.

حكومەتی عیراق هەنگاوی یەكەمی ناوە لە پێناو پەسندكردنی پەیمانی دژە گەندەڵیی نەتەوە یەكگرتوەكان. وەك وڵاتێك كە دەبێتە ئیمزاكەری دوارۆژی ئەو پەیمانە، حكومەتی عیراق لە داهاتوو دەسپێشخەریی دەكات لەچوارچێوەی پابەندبوونەكانی خۆی و بنەماكانی ئەو پەیمانە، بەم جۆرە دەشتوانێ داوای یارمەتی لە نەتەوە یەكگرتوەكان بكات بۆ بەرنامە و چالاكییەكانی بۆ ڕبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

## بانگەوازی فریاگوزاریی بەپەلە بەئومێدی ٢٦٥ ملیۆن دۆلارە بۆ عیراق

**نوسینی: رەندە جەمال**




ئەندامانی دەستەکە بۆ جەماوەر دەدوێن لەکاتی بانگەوازی فریاگوزاریی بەپەلە

بەغداد، ١٢ی شوباتی ٢٠٠٨- بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستییە مرۆییە بەپەلەکان و مەینەتییە بەردەوامەکان لە عیراقدا، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٢ی شوباتی ٢٠٠٨دا لە میوانخانەی رشیدی بەغدادەوە بانگەوازێکی بەپەلەی بۆ کۆکردنەوەی ٢٦٥ ملیۆن دۆلار ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد.

بانگەوازی یەکانگیری ٢٠٠٨ بۆ عیراق پلانێکی کاری نێودەوڵەتییە بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێویستییە بەپەلەکانی خەڵکە هەرە لاوازەکەی عیراق لە 12 مانگی داهاتوودا. ئەو بانگەوازە ئەم بانگەوازە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چوارچێوەیەکی سەرتاسەریدا کۆ دەکاتەوە لە پێناو بەدەنگەوەچوونێکی ستراتیژیتر و کاریگەرتری پێداویستییە مرۆییەکان.

حکومەتی عیراق و ڕێکخراوە ناحکومییەکان تیمی عیراقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)شەوە، ئامادەی کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە بوون. لە بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بەڕێز ستافان دی میستورا و ڕێکخەری مرۆیی بۆ عیراق بەڕێز دێڤید شیرەر ئامادە بوون. لە بەرپرسانی حکومەتی عیراقیش وەزیری ئاوارە و کۆچبەران د. عەبدولسەمەد سوڵتان و تەبێژی حکومەت د. علی دەبباغ ئامادە بوون. لە کۆنفرانسەکەدا، تەبێژی حکومەت پابەندبوونی حکومەتەکەی بە بانگەوازەکە راگەیاند و وتیشی کە ٤٠ ملیۆن دولاری بۆ تەرخان دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوانی راگەیاند کە ٤ ملیۆن عیراقی بە زەحمەت خۆیان پێ ناندەدرێت و ٤٠٪ی ٢٧ ملیۆنی دانیشتوانی وڵاتیش لە ئاوی پاك بێبەشن. بە هەمان شێوە، شێواویی رەوشی سیاسیی وڵات زیاتر لە ٤ ملیۆن کەسی دەربەدەر کردووە، 2.2ملیۆن ئاوارەی نێوخۆی وڵات و ٢ملیۆنیش بە وڵاتانی دراوسێدا پەرت بوون. بەڕێز شیرەر جەختی کردوەوە کە "ئامانجمان دابینکردنی پێویستییە هەرە لەپێشەکانی خەڵکی دەستکوتو و لانەوازە لەهەر کوێیەك دەستمان پێیان بگات."

بەرپرسان روونکردنەوەیان لەسەرئەو چالاکییانە دا کە ئەنجامیان دەدەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کەبانگەوازەکە بەدەنگ پێداویستییەکانی خەڵکی عیراقەوە دەچێت، لەگەڵ چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو ٢٦٥ ملیۆن دۆلارەی بانگەوازیان بۆ کردووە: ٩٧ ملیۆن دۆلار بۆ خۆراك، 37 ملیۆن دۆلار بۆ داڵدەدان، 32 ملیۆن دۆلار بۆ تەندروستی، 26 ملیۆن دۆلار بۆ پاراستن و مافەکانی مرۆڤ، ٢١ ملیۆن دۆلار بۆ ئاو و ئاوەرۆ، 20 ملیۆن بۆ پەروەردە، 6.5ملیۆنیش بۆ کشتوکاڵ. هەروەها 6.5ملیۆن بۆ کاری هەماهەنگی و پشتگیریکردن تەرخان دەکرێت و ٢٠ ملیۆنیش بۆ سندوقی بەدەنگەوەهاتنی فریاگوزاری. نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) لە عیراقدا د. نەعیمە ئەلقەسیر رۆشنایی خستە ئەرکە هەرە لەپێشەکان لەو پارەیەی بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان کراوە: دابینکردنی دەرمانە هەرە پێویستەکان و، رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکان، بە تایبەتیش کۆلێرا، لەگەڵ دامەزراوەکانی تەندروستیی عەقلی.

## دوارۆژی هەڵبژاردنەکان لە عیراقدا و دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان

**نوسینی: رەندە جەمال**




کۆنگرەی رۆژنامەوانی لەکۆشکی کۆنگرەکان لە بەغداد، ١٤ی شوباتی ٢٠٠٨

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشدا لە ١٤ی شوباتی ٢٠٠٨ لە کۆشکی کۆنگرەکانی عیراقیدا، کە تێیدا هەریەکە لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێز مەحمود مەشهەدانی و هەردوو جێگرەکەی بەڕێزان خالید ئە لعە تییە و عارف تەیفور ئامادەبوون، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عیراق بەڕێز ستافان دی مستورا دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ٨ بە رێوە بە رە کە ی هە ڵبژاردنی پارێزگاکانی راگەیاند. ئەم کۆنگرەیە هاوکات بوو لەگەڵ پەسندکردنی یاسای نوێی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە رۆژی پێشتردا.

لە وتاری دەسپێکیدا بەڕێز مەحمود مەشهەدانی وتی کە هە ڵبژاردن لە هە موو پارێزگاکانی عێراقدا پێش ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ ئەنجام دەدرێت و وتیشی کە نەتەوە یەکگرتوەکان رابەرایەتیی پرۆسەکە دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەڵبژاردنی بەرێوەبەرەکان و دواییش پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی واڵا (شفافیە) بەڕێوە دەچن. هەروەها خەڵکی عیراقی دڵنیا کردەوە کە خولی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان ئازاد و کراوە دەبێت و وتیشی کە حکومەتی عیراق هاوکاریی تەواوی نەتەوە یە کگرتوە کان دە کات. دوای ئە م قسانە ، بەڕێز مشهەدانی بواری بە بەڕێز دی مستورا دا کە روونی بکاتەوە چۆن نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم واڵاییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەستەبەر دەکات .

بەڕێز دی مستورا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گرنگە هە نگاو بنرێت بۆ دڵنیابوون لە وە ی کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بەتەواوی ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی هە ڵبژاردنە کانی داهاتوو. "هیوا خوازین کە بتوانرێت لە رێی دە ستە بە رکردنی واڵایی و کارامەیی ئەمە بەدیبهێنرێت. لەمەش زیاتر، بەڕێز دی مستورا روونی کردەوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم کارە لەسەر داوای حکومەتی عێراق ئە نجام دە دات. هە ر دوابە دوای ئەو داوایە، نەتەوە یەکگرتوەکان یەکسەر رێزامەندیی لەسەر بەشداریکردن لە دەستنیشانکردنی کاندیدی شیاو و کارامە دەربڕی. بۆ ئەم مەبەستەش، پۆستە بە تاڵە کان، کە لە رێی رۆژنامە و رادیۆکانەوە لەسەرتاسەری وڵات راگەیەنران، بەم شێوەیە دابەشبوون: بەغداد دووان و یەك دانەش بۆ هەریەکە لە بەسرە و دیالە و کەربەلا و نەینەوا و واسیت و نەجەف. پاڵێوراوی شیاو هاندەدرێت بۆ پێشکێشکردنی داواکاری بۆ ئەم پۆستانە لەرێی ماڵپەڕی یونامی کە مەرجی کار و فۆرمی داواکاری و چۆنیەتی پێشکێشکردنیشی تێدایە . دوای پێشکە شکردنی داواکارییە کان ، پاڵێوراوان لەلایەن شارەزایانی جیهانیی بواری هە ڵبژاردنە وە لە سە ر بنە مای شیاویيان هە ڵدە سە نگێنرێن . پاشان کورتە لیستی پاڵێوراوانی شیاو رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هە ڵبژاردن دەکرێت بۆ قوناغی کۆتایی دەستنیشانکردنەکە .

بە رێز دی مستورا وە ڵامی پرسیارە کانی رۆژنامەنووسانی سەبارەت بە پرۆسەکە و شارە زایی تە کنیکی و دە وری نە تە وە یەکگرتوەکان دایەوە. ئەو جەختی کردە سەر ئەوەی کە چۆن واڵایی و کارامەیی و پرۆسەی بنیاتنانی بە دامەزراوەیی کردنی عیراقی رێگە بە کۆمیسیۆنەکە دەدەن کە بەتەواویی ئامادە بێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

## زانیاری تازە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی بەرپرسانی نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ١٤ی شوباتی ٢٠٠٨ ەوە

### لە نوسینگەی هەڵبژاردنەوە

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ١٤ی شوباتی ٢٠٠٨ ەوە دەستنیشانکردنی ناوزەدکراوانی شارەزا بۆ پۆستەکانی بەرپرسانی نوسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان درێژەی هەیە. شوێنەکان پارێزگاکانی :بەغدا (٢ شوێن) و نەینەوا و کەربەلا و نەجەف و دیالە و واسیت و بەسرە دەگرێتەوە.

لە نێوان ١٤-٢٨ی شوباتی ٢٠٠٨، زیاتر لە ٨٠٠ داواکاریی دامەزراندن وەرگیراون کە هە موو بە ووردی هە ڵسە نگێنران و دە ستە یە کی شارە زای نە تە وە یە کگرتووە کانیش کورتە لیستی ناوە کان دە داتە ئە نجومە نی نوێنە رانی عیراق بۆ ئەوەی ئەوانیش ناوی ٥ کەسی لێ بنێرن بۆ کۆمیسێونی باڵای سە ربە خۆی هەڵبژاردنەکان.

هە ر کە ئە م پرۆسە یە کۆتایی هات، کورتەلیستەکان لە لایەن نوێنەری سکرتێری گشتیی نە تە وە یە کگرتوە کان بۆ عێراق بەڕێز ستافان دی مستوراوە دەنێردرێت بۆ نوسینگە ی جێگری سە رۆکی ئە نجومە نی نوێنەرانی عیراق کە ئەویش لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا لە هە ر کورتە لیستێکی یونامی ٥ کەسی لێ دەنێرێ بۆ بۆ کۆمیسێونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

کۆمیسێونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لەو ٥ کەسەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ناردوونی سەرکەوتوترین ناوزەد هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی وەك بەرپرسی ئۆفیس هەڵبژاردنی پارێزگاکان دایمەزرێنێت.

دوای ئەمەش، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆیی پرۆسەکە دەستەیەك لە کۆمیسێونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ٧ ڕۆژ تەرخان دەکات بۆ گوێگرتن لەو گلەیی و گازاندانەی پشت بە بەڵگەی ڕوون دەبەستن.

## هەولێر میوانداریی مێزگردێك لە سەر یاسای ڕێکخراوە عیراقییە ناحکومییەکان دەکات

### نوسینی: ســەباح عەبدولرەحمان



*یونامی-یونۆپس مێزگردێك لەسەر یاسای ڕێکخراوە ناحکومییە عیراقییەکان*

لە بە ر ڕۆشنایی بڕیاری ئە نجومە نی ئاسایش ژمارە ١٧٧٠ و لە چوارچێوە ی یارمە تییە بەردەوامەکانی بۆ خەڵکی عێراق، نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) و نوسینگەی خزمەتگوزاریی پرۆژەکانی سەر بە نە تە وە یە کگرتوە کان (UNOPS) لە ١-٣ ئاداری ٢٠٠٨ بە یە کە وە مێزگردێکیان لە هە ولێر سازکرد لە سە ر ڕە شنوسی یاسای ڕێکخراوە عیراقییە ناحکومیەکان.

نوێنەری کۆمەڵگاکانی مەدەنی لە کوردستان و پارچە کانی تری عێراق لە گە ل گە ورە بڕیاردەران لە بوارەکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان و داد لە کوردستان و عێراق بەشدارییان لەو مێزگردە ٣ ڕۆژییە کرد لە ژێر ناوونیشانی "بەرەو چوارچێوەیەکی یاسایی توانابەخش بۆ کۆمە ڵگایە کی مە دە نیی بە هێز لە عێراق" سازکرابوو . شایانی باسە ، یە کیە تی ئەوروپا لەڕێی سندوقی متمانەی عێراقی سەر بە نەتەوە یە کگرتوە کانە وە فە ندە کە ی دابین کردبوو . ٣ شارەزا لە ئەردەن ولوبنان و مەغریب لەگەڵ هە ندێکی تر لە نە تە وە یە کگرتوە کان وە ك ئاسانکار بە شداریی ئە م مێزگردە یان کرد و یارمە تی لایە نە پە یوە ندارە کانیشیاندا بە پێشکەشکردنی نموونەکان و سەرچاوەکانی ئەو دۆخانە ی کە هاوشێوە ی عێراق بوون لەگەڵ پێشکە شکردنی چارە سە ریش بۆ بابە تە پڕ مشتومڕەکان.

بەرپرسی نوسینگەی ( یونامی)یش لە هەولێر بەڕێز مارك ڕەتگەرز بە ووتەیەکی کورت دانیشتنی یەکەمی کردەوە و جەختیشی لەسەر هەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییە کان کردە وە و دووپاتی پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتوە کانیشی کردە وە لەسەر یارمەتیدانی تەکنیکیی پێویست بۆخەڵکی عێراق لەسەر ئەم چەمکە گرنگە لە پێناو ژیانی هەمەلایەنیی و چەند بابەتێکی تر.

هەوەها وەزیری کاروباری کۆمەڵگای مەدەنیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز جۆرج مە نسوور و ڕێکخە ری حکومە تی هە رێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێز دیندار زێباری ووتەی دەسپێکیان پێشکەش کرد .

دانیشتنە کان بە زۆریی تە رخانکرابوون بۆ تاووتوێ کردنی ئەو بابەتە سە رەکییانە ی کە مشتومڕیان لە سە رە و ئێیستا خراونە تنە ناو ڕەشنووسەکە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی دۆخی عێراق. هە روە ها مێزگردەکە کۆدەنگیی نیشاندا بە تایبەت لە لایەن نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر دەرکردنی ئەم بڕیارە بە زووترین کات .

لە کۆتایی مێزگردەکە، بەشداران ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە لەلایەن وەزارەتی کۆمەڵگای مەدەنی حکومەتی عێراقە وە بە کاردێت بۆ دە سکاریی کردنی ڕەشنووسەکە پێش ئەوەی بۆ پەسند کردن بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران.

## کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران بەڕێز ئەنتۆنیۆ گوتێریس سەردانی عیراق و ئەردەن و سوریا دەکات

### نوسینی: رەندە جەمال

لە سە ردانێکی یەك هەفتەییدا لە ١١ تا ١٨ شوباتی ٢٠٠٨، کۆمیسیاری باڵای نە تە وە یە کگرتوە کان بۆ پە نابە ران بەڕێز ئە نتۆنیۆ گوتێریس سەردانی هەر سێ وڵاتی عیراق و سوریا و ئەردەنی کرد بۆ رۆشنایی خستنە سەر مە سە لە ی پە نابە رانی عیراقعیراق و هێنانە پێشەوەی بۆ کارنامەی عیراق و دراوسێکانی . هە روە ها بانگهێشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشی کرد بۆ ئەوە ی بەپەلە بە هانای پە نابە رانی عیراقعیراقە وە بچن و ژمارە ی شوێنی حەوانەوەشیان زیاد بکەن .

لەیەکەم وێستگەی سەردانەکەی لە ئەردەن، بەڕێز گوتێریس وتووێژی لەگەڵ شا عەبدوڵای دووەم و هەندێ گەورە بەرپرسی ئەو وڵاتە سەبارەت بە دۆخی پەنابەرە عیراقییەکان ئەنجامدا. ڕووپێوێکی "بنکەی توێژینەوەی نەرویژی"، کە ساڵی ٢٠٠٧ لە ژێر چاودێریی ئەو کۆمیسێونە ئەنجامی دابوو، ژمارەی پەنابەرە عیراقعیراقییەکانی لە ئەردەن بە ٤٥٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠٠ مەزەندە کردووە. ، ئەردەنیش پەیمانی ئەوەی داوە کە سەرەڕای گرفتەکانی خۆی، لە میوانداریی کردنی پەنابەرەکان هەر بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی بارودۆخی عیراق، بە ئاسایشیشەوە، ئەو چاکبوونە بەرچاوە بە خۆیەوە دەبینێ کە ڕێ بەگەڕانەوەیان بدات. وەزیری پلاندانانی

ئەردەنی بەڕێز سوهەیر ئەلعەلی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە ٣ ساڵی ڕابردوودا تێچوونی میوانداریی پەنابەرە عیراقعیراقییەکان لە بوارەکانی ژێرخان و فێرکردن و تەندروستی نزیکەی ١.٦ ملیار دیناری ئەردەنی بووە .

لە سوریاش، بەڕێز گوتێریس لەگەڵ هەریەك لە سەرۆك بەشار ئەسەد و جێگرەکەی فاروق ئەلشەرع باسیان لە زیادکردنی دارایی و میکانیزمی تر بۆ یارمەتیدانی حکومەتی سوریا



*کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دەبەستێت*

لە مامەڵەکردنی لەگەڵ لێشاوی پەنابەرانی عیراقی کرد. بە تێبینی کردنی ئەوەی کە ٧٠٠٠٠ پەنابەری عیراقی ئارەزووی ئەوەیان دەربڕیوە کە لەهەمان ئەو وڵاتانە نیشتەجێ بکرێن کە ئێستا تێیدا پەنابەرن، بەڕێز گوتێریس داوای لە وڵاتە خانەخوێیەکان کرد کە بژارەکانی نیشتەجێکردنیان زیاد بکەن .

تەنها لە سوریا، ئاژانسی پەنابەران وئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتوەکان پەنابەرانی عیراقعیراق بە یەك ملیۆن و نیو مەزەندە دەکەن .راپۆرتی کانونی دووەمی ٢٠٠٨ی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر پەنابەرانی عیراقی، ژمارەی ئەو عیراقییانەی کە بەهۆی کاری توندوتیژییەوە پەنایان بۆ سوریا بردووەبە زیاتر لە ١٩٠٠٠ کەس مەزەندە دەکات، کە ئەوەش واتە پێنج یەکی ئەو عیراقییانەی لە وڵاتی خۆیاندا قوربانیی ئەشکەنجە و/یان توندو تیژین. بەرپرسانی سوریاش دەڵێن کە شاڵاوی پەنابەران باری بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و جێنشینکردنی ئەو وڵاتەی قورس کردوە و ١،٦ملیار دۆلاریشی خەرجیی ساڵانە هێناوەتەسەر. ئەم دیاردەیە پاڵی بە حکومەتی سوریاوە نا بۆ ئەوەی هانا بباتە بەر یارمەتیی جیهانی و ناچاریشی کردوە کە هەندێ بەربەست لەبەردەم وەرگرتنی ڤیزە بۆ ئەو عیراقییانەی کە دەیانەوێ بێنە سوریا دابنێ .

بەڕێز گوتێریس ووتی کە" هەندێ خێزانی عیراقی ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان چونکە ئەشکەنجە دراون یان هەموو ئەندامانی خێزانیان لە دەستداوە، یانیش بەهۆی هەندێ هۆکاری تر." هەروەها وتی: "زیاد کردنی ژمارەی شوێنەکانی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکە هەژارەکان زۆر گرنگە".

بەو هۆیەوە، کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران و هاوکارانیشی پاڵپشتیی دەروونیی وەك ناردنی بەردەوام بۆ لای پزیشکی دەروون و پەیمانگاکانی چارەسەری عەقلی دەخەنە ڕیزی پێشەوەی کارەکانیان .یارمەتیی داراییش بۆ ئەم دەستپێشخەرییە دابینکراوە لەڕێی بانگەوازێکەوە بۆ کۆکردنەوەی ٢٦١ ملیۆن دۆلار بۆ یارمەتیدانی عیراقعیراقییەکان، کە پەنابەران و ئاوارە ناخۆییەکانیش دەگرێتەوە. بەهەر حاڵ، گرفتی گەورە کەمیی پەیمانگاکانی تەندروستی عەقلییە، بە پزیشکی دەروونی و خزمەتی پشتگیریی کۆمەڵایەتیشەوە، نەك هەر لەسوریا بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە.

بەڕێز گوتێریس ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو پەیمانی لە سوریا و ئەردەن وەرگرتوە کە ئەوان پەنابەران ناچاری گەڕانەوە ناکەن و ڕێز لە مافی پەناخوازییان دەگرن. و جەختشی لەسەر ئەوە کردەوە کە تا ئێستاش یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی ئەو گرفتانە نین کە بەرەو رووی وڵاتە خانە خوێیەکان دەبنەوە .

لەسەردانە دوو ڕۆژییەکەشی بۆ عیراق، بەڕێز گوتێریس زانیاریی تازەی دایە بەرپرسە عیراقییەکان، بە سەرۆکی حکومەت نوری ئەلمالیکیشەوە، سەبارت بەو دەرەنجامانەی کە لە سەردانەکەی بۆ ناوچەکە و کۆبوونەوەکانی لە سوریا وئەردەن بە دەستی هێنابوون .

هەروەها مەسەلەی پەنابەرە عیراقییەکانیشی تاووتوێ کرد. لەکاتێکدا هەندێکیان داوای نیشتەجێبوونیان دەکرد بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆربەیان شانازییان بە ناسنامەی عیراقییەوە دەکرد و زۆریش تامەزرۆی بوون کە هەرکاتێك بارودۆخەکە چاکبوو بگەڕێنەوە. بەڕێز گوتێریس جەختی لەسەر دیالۆگی چڕوپڕتر لە نێوان حکومەتی عیراق و دراوسێکانیدا، بەتایبەتی ئەردەن و سوریا، کردەوە .

لەوەڵامی داوای بەڕێز مالیکیش سەبارەت بە کارئاسانکردنی گەڕانەوە، بەڕێز گوتێرس ڕەزامەندیی خۆی نیشاندا بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی هاوبەش لەسەر گونجاویی گەڕانەوە و ئەو بارودۆخانەی دەکرێت پەنابەرانی بگەڕێنەوە. هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە میکانیزمی هەڵسەنگاندنی هاوبەش ئێستا وا لە ئارادایە و، پێویستە کە حکومەت رابەرایەتیی بکات .کۆمیسیاری باڵا سەرەك وەزیرانی لە تازەترین زانیاری لەسەر پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە پلانەکانی فراوانکردنی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران لە عیراق ئاگادار کردەوە ..

سەرەك وەزیران ئارەزووی خۆی دەبڕی کە کۆمیسیۆنی باڵا بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەت کار بۆ گێڕانەوەی پەنابەران بکات و وتیشی کە ئەو ڕێنمایی داوەتە گشت نوێنەرایەتییە دیپلۆماسیەکانی عیراق کە یارمەتیی هەموو ئەو عیراقییانە بدەن لەو وڵاتانەی ئەوان خزمەتی تێدا دەکەن و پاسپۆرتیشیان بۆ دابین بکەن، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە ئەو کاتەی لە عیراق بوون کاری خراپیان ئەنجامداوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تووشی سوکایەتی پێکردن نایەن .

بەڕێز گوتێریس جەختی لەسەر سەلامەتی و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی کردەوە وەك دوو بابەتی سەرەکیی پەیوەست بەو پەنابەرانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە لە کاتێکدا نیشتەجێکردن بۆ هەندێك عیراقی پێویستە هەر بمێنێت، بەتایبەت ئەوانەی کە تووشی کارەسات و هەژاریی هاتوون. لەمەش زیاتر، کۆمیسیاری باڵا جەختی لەسەر ئەوە کردەو کە لەکاتێکدا ئەو پاڵپشتیی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ وڵاتەکەیان دەکات، بەڵام تا ئێستاش دۆخەکە ئەوەندە لەبار نییە و پێویستە گەڕاندنەوەی پەنابەرانپشتئەستور بێت بە گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی لە عیراق.

تەوەری سەردانەکەی بەڕێز گوتێریس بۆ ناوچەکە ٣ بابەتی پەیوەست بە پەنابەرانی عیراقی: سەرنجڕاکێشانی جیهانیی زیاتر بۆ مەینەتییەکانیان و، جێبەجێکردنی پێویستییەکان و گوزەرانی پەنابەران لە وڵاتانی خانەخوێ بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی ویستی خۆیان نەنێردرێنەوە و، هەروها هەڵسەنگاندنێکی هاوبەشی گونجاویی گەڕانەوەیان.

## سەردانی پەرلەمانتارانی عیراق بۆ ئێرلەندای باکوور

٢ تا ٨ی ئاداری ٢٠٠٨، بلفاست، باکوور

لە ماوەی ٢ تا ٨ی ئاداری ٢٠٠٨دا، نوسینگەی پشتگیریی دەستووری (OCS) بە هاوبەشی لەگەڵ نوسینگەی خزمەتگوزاریی پڕۆژەکانی خزمەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOPS) و لەسەر ئەرکی کۆمسیۆنی ئەورووپی گەشتێکی لێکۆڵینەوەی بۆ ئێرلەندای باکوور بۆ هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور ڕێکخست.

سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور شێخ هومام حەممودی سەرۆکایەتیی شاندەکەی دەکرد و جێگری سەرۆکی لیژنە بەڕێز هاشم ئەلتائی و خاتو نهەدا ئڕلسودانی و سەرۆکی کوتلەی سەدری لە پەرلەماندا بەڕێز نەسسار ئەلروبەیعییش تێدا ئەندام بوون. هەمەڕەنگیی بەشداربووانی عیراقی لە پاشخانی نەتەوەیی و مەزهەبیدا رەنگی دابووەوە: شیعە و سوننە، کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوریی مەسیحی. شاندەکە چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ وەزیری یەکەم شکۆدار ئیان پایسلی لە پارتی (DUP) و جێگرەکەی مارتین ماکگێنیس لە پارتی (شین فێین) و وەکیلی وەزیر و ئەندامی پەرلەمان شکۆدار جێفری دۆناڵدسۆن. هەروەها کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەنجومەنی بەریتانی و نوێنەرانی کۆمیسێۆنی یەکسانی بۆ ئێرلەندای باکوور" و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسییە سەرەکییەکان و لایەنی تریش ئەنجام دا.

سەرباری جەختکردنەوەیان لەسەر بابەتە یاسایی و دەستوورییەکان، پەرلەمانتارە عیراقییەکان ئەو سیناریۆیانەشیان پێدرابوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو کۆدەنگییەی کە دەکرێ لە پێداچوونەوەیان بە دەستووردا بەکاری بێنن. هاوتا ئێرلەندییەکانیشیان جەختیانکردە سەر پێویستیی گشتگیری لە پڕۆسەی دانوستانەکاندا، کە پێشتر ببووە مایەی دەستەبەرکردنی چارەسەرێکی ئاشتییانە لە ئێرلەندای باکوور. هاوتا عیراقییەکانیش گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە لە چارەسەری ناکۆکییەکاندا لە گفتوگۆ



پەرلەمانتارانی عیراقی لە ئێرلەندای باکوور

زیاتر هیچ جێگرەوەیەك نی یە. هەر بۆیە بەشداریی پێکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گروپە چەکدارەکان لە پڕۆسەی دانوستانەکان زۆر گرنگە. کرۆکی ئەو پڕۆسەیەش بریتی یە لە پابەندبوون بە بنەماکانی بەکارنەهێنانی توندوتیژی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و چاکسازییە دامەزراوەییەکان بە شوێنکەوتنی پێودانگە جیهانییە ناسراوەکان.

نوسینگەی پشتگیریی دەستووری بەردوام دەبێت لە یارمەتیدانی پەرلەمانتارە عیراقییەکان لە ئاسانکاریی کردن بۆ گفتوگۆی فرە لایەن و مێزگرد لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندیی لە نێوان بەشدارە سیاسییەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی لێکتێگەیشتنی باشتر لە گەڕان بە دوای هەڵبژاردراوە بەردەستەکان و ئەوەش بە دەوری خۆی دەبێتە مایەی هێنانەکایەی پڕۆسەیەکی دەستووریی دامەزراو لەسەر کۆدەنگی.

## کۆنفرانسی دژەتیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ



کۆنفرانسی دژەتیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ

پاش زنجیرەیەك گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی عیراق، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) لە ٩ تا ١٢ی ئاداری ٢٠٠٨دا سێمینارێکی لە میوانخانەی رەشیدی بەغداد سازکرد بە ناوی "پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دژەتیرۆریزمدا". ئەو سێمینارە چوار رۆژییە بە پشتگیریی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (UNOPS) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆلکردنی مادده هۆشبەرەکان (UNODC)سازکرابوو.

ئەو سێمینارە، کە بۆ هەموو ئەوانە داڕێژرابوو کە خەریکی دژایەتیکردنی تیرۆریزمن و دادوەریی تێدا دەکەن، هەلێکی بەنرخی رەخساند بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو یاسا و کردەوانەی ئێستا لە دژایەتیکردنی تیرۆریزمدا کاریان پێدەکرێت و باشترین مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆریزم هاوکات لەگەڵ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لە روانگەی مافەکانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی تیرۆریزم بەو شێوەیەی زۆرێك لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاندوویانە .

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز ستافان دی میستورا و وەزیری مافەکانی مرۆڤ و وەزیری ناوخۆ و جێگری وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتیمانی کۆنفرانسەکەیان کردەوە.

شارەزایان لە لقی رێگرتن لە تیرۆریزمی سەر بە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆلکردنی مادده هۆشبەرەکان و هێزی پۆلیسی ئانشینی یەکگرتوو نمایشێکیان پێشکێشکرد و بەشدابوانیشیان ڕاکێشایە ناو ئەو گفتوگۆیەی ئەنجام دەدرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کردە تیرۆریستییەکان وچوارچێوەی یاسایی جیهانیی نەتەوە یەکگرتوەکان دژی تیرۆر و دەوری یاسا و رێوشوێنی دروست و دادگاییکردنی دادپەروەرانەی هێرشەکانی تیرۆریستان بە پێی چوارچێوەی یاسایی جیهانیی دژی تیرۆر و بە گونجاندنی یاسای دژە تیرۆری عیراقی لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی جیهانیی . نوێنەرێکی بەڕێوەبەرایەتی قەڵاچۆکردنی تیرۆری سەر بە وەزارەتی ناوخۆش نمایشێکی لەسەر ئەزموونی عیراق لە قەڵاچۆکردنی تیرۆر پێشکێشکرد. بەڕێوەبەری ستراتیژ پلاندانانیش لە نووسینگەی دژە تیرۆر ئەو ستراتیژی دژەتیرۆرە عیراقییەی کە بەم دواییە پەسندکرا لە سیمینارەکەدا خستەڕوو .

چەند بەرپرسێکی پلە بەرز و مامناوەندی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگریی و ئەندامانی پەرلەمان و دادوەران و داواکارانی گشتیی و ئەنجومەنەکانی بەرگریش کە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی شێوازەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر بڕیاردانی کۆتایی لەسەر هێرشەکانی پەیوەست بە تێرۆر بەشداربوون ئامادەی سیمینارەکە بوون. بەگشتیی، نزیکەی 80 کەس ئامادەی هەموودانیشتنەکان بوون. لە دواهەمین ڕۆژ بەشداربوان لەسەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە رێککەوتن کە پابەندی دەکردن بە هەنگاونان بەرەو ئیمزاکردنی پەیماننامە و پڕۆتۆکۆلەکانی دژە تیرۆری جیهانیی نەتەوە یەکگرتوەکان و چاککردنی ئەو یاسای دژە تیرۆرەی ئێستا هەیە و دەستەبەرکردنی پشتگیریی بەردەوام و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی شیاندن و تواناسازیی.

## هەواڵنامەی (یونامی)

هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات
بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:
**Unami-information@un.org**
یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:
**2644 - +962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org